
# بەکەی دەنگ د. بەرهەم ساڵح بۆ کەمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران هەڵبژێردرا



لەکێبونەوەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەکەی دەنگ د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆك کۆماری پێشوی عێراقی بۆ کەمیساری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران هەڵبژێردرا و لەئەمڕۆوە تا پێنج ساڵی دیکە د. بەرهەم لەو پۆستە باڵایەدا دەمێنێتەوە.

لەکێبونەوەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکێبونەوەکەی ئەمشەویدا بەکەی دەنگی ئەندامەکانی، د. بەرهەم ساڵحی وەك کەمیساری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران هەڵبژارد و بەوەش د. بەرهەم ساڵح تا 31ی (کانونی دووەم/1)ی 2030 کەمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێت.

ڕۆژی 12ی (کانونی یەکەم/12)ی 2025 ئێنتۆنیۆ گۆتێرێس سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەفەرمی هەڵبژاردنی د. بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری پێشوی عێراقی وەك کەمیساری باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوەکە ناساند کە لە 1ی (کانونی دووەم/1)ی 2026 تاوەکو 31ی (کانونی دووەم/1)ی 2030 ئەو پۆستە باڵایە وەردەگرێت.